The Centre of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u*
*Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak_org@yahoo.com

---

## فەتاح بەگ , میری ئەنفالچییەکان گەڕایەوە گەرمیان!
## لە کۆڕێکی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکووک , لقی تاوغ کە بۆ 18 پاکیزەکە ڕێکخرابوو , کۆنە بەعسییەک شیعری بۆیان خوێندەوە

دەبوایا لە یادی ئەنفالدا تەواوی تاوانباران لە دادگایەکدا کە مافی بەرگری لە خۆ کردنیان پارێزراو بوایە, دادگایی بکرانایا , کەچی میری ئەنفالچییەکانی گەرمیان فەتاح بەگ گەڕایەوە کوردستان , ئەمە بۆ خۆی ئیهانەی کەس و کاری قوربانیان و جەماوەری کوردستانە , ساڵ بە ساڵ لە جیاتی دادگایکردن ژمارەی ئەنفالچییەکان دەچنە سەر .
لە ڕێکەوتی 14-4 کە ڕۆژی ئەنفالە لقی تاوغی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکووک کۆڕێکیان سەبارەت بە 18 کچەکەی گەرمیان سازکردووە , بورهان بەرزنجی سەرنووسەری گۆڤاری ئەنساری بەعس , ئەندامی لیژنەی باڵای یەکێتی نووسەرانی عێراق(بەعس) شیعری تێدا خوێندۆتەوە .
کۆمەڵەی ڕوناکبیری تاکو ئێستا زۆرکاری باشی بۆ ئەنفال ئەنجامداوە , هیوادارین بەم جۆرە کۆڕانە هیچکە سوکایەتی بە ئەنفال نەکرێت , ئەو 18 کچە هەر هاوشێوەکانی بورهان بەرزنجی ئەنفالیانیان کرد و ناردیانیان بۆ میسر , دەبوایا لەو کۆڕە دادگایی بورهان بەرزنجی بکرایە نەک شیعر بخوێنێتەوە .
لە یادی ئەنفالی هەموو ساڵێک دەبێت نەفرەت لە بەعس و هەموو بەعسی و فایلدار و کریگرتەکانی بکرێت و ئەنفالچییەکان شەرمەزار بکرێن .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک**
**2006-4-15**
www.chak.info